**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# بانگەوازێک بۆ جەماوەری کوردستان سەبارەت بە تەرمی 300 لە قوربانیانی کارەساتی ئەنفال

کەس و کار و بنەماڵەی قوربانیانی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال
هاووڵاتییە بە هەڵویستەکان
ناوەند و ڕێکخراوە کۆمەلایەتی و جەماوەرییەکان

لای هەمووتان ڕوون و ئاشکرایە کە دەسەڵاتی کوردی شانزە ساڵی تەواوە فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان دەکات, سەرباری ئەوەی نەیتوانیوە مافە سەرەتاییی یەکانی کۆمەڵگەی کوردی دابین بکات، دەسەڵاتی کوردی دوای تێپەر بوونی 19 ساڵی تەواو بە سەر کارەساتی ئەنفالی جەرگ بڕدا, نەوەك هەر نەیتوانیوە خزمەت بە کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال بکات و بگەڕێت بە دوای شوێنەواری زیندەبەچاڵکردنی کەسوکارەکانیان, بەڵکو ئەو تەرمانەش کە دۆزراونەتەوە و هێنراوەتە هەولێر، بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی و کەسوکاری قوربانیان بە تایبەتی هیچ زانیاری دان و ڕاگەیاندنێک لەو بارەیەوە نەدراوە. ئەوەی ئێستا دوای ئاشکرابوونی ئەو تەرمانە لە زاری بەرپرسەکانەوە دەرکەوتووە، کە هەر یەکەی شتێک دەڵێت و خۆ دزینەوەیە لە ڕاستیەکاندا، ئەو تەرمانە لە برۆژەیەکی گوماناویدا هاتوونەتە هەولێر و گومانی مەبەستی تایبەتی لێ دەکرێت، ئەو مەبەستەش لەچوارچێوەی بەرژەوەندی تایبەتی پارتدا دەخولێتەوە. ئەگینا کەی ڕەوایە تەرمی خۆشەویستانمان وا بێناز لە ناو نایلۆنی ڕەش لە سوچێکی شوێنێکدا پەنا بدرێن. ئەو تەرمانە موڵکی گەل و قوربانیانن نەک هی چەندکەسێکی ناو دەسەڵات و بەکارهێنانی ئەو تەرمانە لە چوارچێوەی ئارەزووەکانی خۆیاندا.
لەهەمان کاتدا ئەو مەنومێنتەی کە لە کەسنەزان بۆ کارەساتی ئەنفال دروستکراوە بە توندی ڕەتدەکەینەوە و ئەگەری ناشتنی ئەو تەرمانە لەوێ بەتوندی ڕەتدەکەینەوە. دروستکردنی مەنۆمێنتی ئەنفال لە کەسنەزان، جگەلەوەی سوکایەتی کردنە بە کارەساتی ئەنفال و دەیان هەزار قوربانی ئەو ژینۆسایدە دڕندانەیە، ئاماژە بە مەبەستێکی نەزۆک و پارتگەرایی دەکات. مەنۆمێنتی کارەساتی ئەنفال دەبێ لە چەقی قورسایی کارەساتەکە بێت، کە بانمەقانی کەرکوکە، نەوەک لە ناوچەیەک کە فرێ بەسەر ژینۆسایدی ئەنفالەوە نییە. دەسەلاتی کوردی بەم کارەی ئازاری گەل دەدات و سوکایەتی بە قوربانیانی گەورەترین کارەسات دەکات.

هەر بۆیە داوا لە ئێوەی کەسوکاری قوربانیان بە تایبەتی و خەڵکی دڵسۆزی کوردستان بەگشتی دەکەین کە بە هیچ شێوەیەك بوارنەدەن ئەو پرۆژە ناڕەوایانە سەر بگرن. بە نارەزایی و خۆ پیشاندان و کەمپین کردن بەرەنگاریان ببنەوە و بەرەوڕووی کاری نابەرپرسانە ببنەوە. هەروەها داوای سزادانی ئەو بەرپرسانە بکەن کە ئەو ڕووداوەیان لە گەل شاردۆتەوە. ئێسك و پرووسکی ئەنفالکراوەکان چاوەڕێی هیممەتی ئێوەن، ئێمەش لە ناوەندی چاکدا لەکاتێکدا سەرکۆنەی ئەو کارە گوماناویەی دەسەلات دەکەین،

لەهەمان کاتدا دەنگ و هەڵوێستمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئێوە بۆ ڕاگرتنی پرۆژەی مەنۆمێنتی ئەنفال لە کەسنەزان و ناشتنی ئەو تەرمانە لەوێدا.

با بەیەک دەنگ هاوار بکەین:
بە ڕێز و شایستەوە، گەڕاندنەوەی تەرمەکان بۆ زێدی باپیرانیان
نا، هەزارجار نا بۆ مەنۆمینتی ئەنفال لە کەسنەزان
مەنۆمێنتی قوربانیانی ئەنفال لەبانمەقان

**ناوەندی چاك**
**2007/6/17**